حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
مكتب الوزير

ISO 9001 : 2015

ژمارە : ٤٠٦
ڕێکەوت: ١ / گەلاوێژ/ ٢٧٢٢ کوردی

العدد: ٤٠٦
التأريخ: ٢٠٢٢/٨/٢٣

وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر
Ministry of Education

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، زاخۆ، سۆران، ڕاپەڕین، خوێندنی کوردی لە کەرکوک)**

**بابەت / گشتاندن**

**لەگەڵ دەستپێکی دەوامی ساڵی نوێی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣، ڕۆژانی (١٣ و ١٤ و ١٥ ی ٩ ی ٢٠٢٢)، تەرخان دەکرێت بۆ ئەم بابەتانە و پێویستە گشت ناوەندەکانی خوێندن (حکومی و ناحکومی) پابەندبوونی تەواویان هەبێت و ئەو ڕۆژانە دەبنە ڕۆژانی فەرمی دەوام:**

**یەکەم:** قوتابیان و خوێندکاران پۆل و هۆبەی خۆیان پێ ئاشنا دەکرێت و خشتەی وانەکانیان بە جێگیری پێ دەدرێت و کتێب دابەش دەکرێت.

**دووەم: وانەکانی خوێندنی ئەو سێ ڕۆژەی دیاریکراوە بۆ ئەم بابەتانە دەبێت لە گشت وانەکان:**

١- خۆشەویستی کوردستان و گەشەپێدانی کلتوری پێکەوە ژیان لە کوردستان.

٢- هۆشیارکردنەوە و پێدانی زانیاری لەسەر لایەنە نەرێنیەکانی بەکارهێنانی چەک و چەکی بێ مۆڵەت و ئامێرە بریندارکەرەکان

٣- زیانەکانی ماددەی هۆشبەر.

٤- پاراستنی ژینگە و پاراستنی ئاو وەک سامانێکی نیشتیمانی و چۆنیەتی باش بەکارهێنانی.

٥- چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان بەشێوەی ئەرێنی و دوورکەوتنەوە لە لایەنە خراپەکانی تەکنەلۆژیا و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان.

٦- قوتابیان و خوێندکاران جگە لە سوود وەرگرتن لەو ڕێنماییانە پێویستە سوود وەربگرن لە وانەکانی وەرزش و هونەر لە ماوەی (٣) ڕۆژی سەرەتای دەوام.

**سێیەم:** بڕگەکانی خاڵی دووەم جگە لە بڕگەی خاڵی (٦) پێویستە تەنها ئەو (٣) ڕۆژە نەبێت لە ساڵی نوێی خوێندن، بەڵکو ناوەندەکانی خوێندن پلانی نووسراویان هەبێت کە لە ساڵی نوێی خوێندندا لانی کەم دوو جار ئەو بابەتانە وەک ڕێنوێنی بۆ قوتابیان و خوێندکاران باس بکەن، جیا لەوەش مامۆستای وانەی هەر بابەتێک ئازادە ناو بە ناو سوود لە بڕگەی ١ تا ٥ ی خاڵی دووەم وەربگرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی زیاتر و پێدانی زانیاری زیاتر بە قوتابیان و خوێندکاران.

Ministry of Education, Kurdistan Street, Erbil, Iraq
Phone:+964(066) 2230250-2232745
info@moe.gov.krd
www.gov.krd
هەرێمی کوردستان- هەولێر- شەقامی کوردستان - وەزارەتی پەروەردە
تەلەفون: 2232745 -2230250 (066) 964+

**چوارەم:** هەمان بەرنامە بەڵام لەماوەی دوو ڕۆژدا ٢ و ٣ ی/٢٠٢٣/١، دووبارە بکرێتەوە لەسەرەتای دەستپێکی وەرزی دووەمی خوێندن.

**پێنجەم:** پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری ناوەندەکانی خوێندن بەلانی کەمەوە هەفتەیەک بەر لە دەستپێکی دەوامی ساڵی نوێی خوێندن، کۆبوونەوە لەگەڵ مامۆستایان بکات و پلانی دەوامی ئەو (٣) ڕۆژە دابنێن و گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە بکەن و ئەرکی هەر مامۆستایەک بۆ خاڵەکانی ئەم گشتاندنە دیاری بکەن.

**شەشەم:** کۆبوونەوە لەگەڵ بەخێوکارانی قوتابیان و خوێندکاران پێویستە لە ساڵێکی خوێندندا (٣) سێ جار ئەنجام بدرێت جیا لەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە وانەکانیان و وتنەوەیان لە ناوەندەکانی خوێندن، پێویستە برگەی ١ تا ٥ ی خاڵی دووەم جەختی لێبکرێتەوە و گرنگی پێبدرێت و ڕێنمایی پەروەردەیی پێشکەش بکرێت، هەروەها وەزارەت ڕێبەرێکی ئەلیکترۆنی بۆ ستافی کارگێڕی و مامۆستایان وەک پاڵپشتی و بەرچاوڕوونیان ئامادە دەکات بۆ ئەو بابەتانەی ئاماژەیان پێدراوە و لەکاتی خۆیدا دەگاتە دەستیان.

**حەوتەم:** بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە کەرکوک پێویستە لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن کە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی فیدراڵ دەبێت بەرنامەیەک دابنێن بۆ جێبەجێکردنی هەموو برگەکانی خاڵی (دووەم).

**هەشتەم:** ١٧ ی ٩ ی ٢٠٢٢، سەرەتای دەوامی وانە وتنەوەی فەرمی و ئاسایی دەبێت.

**ئالان حمەسعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**
**٢٠٢٢/٨/٧**

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزیر / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران / بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بەدیوانی وەزارەت/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست بە گوێرەی پەیوەندیداری ( ).
- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ کاری پێویست.
- خولاو.

هەرێمی کوردستان- هەولێر- شەقامی کوردستان - وەزارەتی پەروەردە
تەلەفون: 2232745 -2230250 (066) 964+
info@moe.gov.krd
www.gov.krd
Ministry of Education, Kurdistan Street, Erbil, Iraq
Phone:+964(066) 2230250-2232745